# شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕۆشنایی تیۆرەکاندا
# توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

سروشت ئەسعەد عبدالرحیم
Srwsht.asaad@gmail.com
کولێژی پەروردەیی بنەرەت ، زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، زانکۆی هەڵەبجە ، هەرێمی کوردستان/ عێراق

یحیی کریم سعدالدین
ya7yakarim87@gmail.com
کولێژی زانستە مروڤایەتیەکان ، کۆمەڵناسی ، زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستان/ عێراق

د. ئارام ئەسعەد عبدالرحیم
aramasaad1987@gmail.com
یەکەی سەرپەرشتیاری ،بەرێوبەرایەتی پەروردەی هەڵەبجەی شەهید، وەزارتی پەروردە ، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان/ عێراق

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی و خاوەنی کولتووری تایبەتیی خۆیەتی و کاریگەری لەسەرە، هەتا ئەو ڕادەیەی کەسێتیەکەی لە کەسییەتی گشتیی ئەو کۆمەڵگەیەی ، کە سەر بە خۆیەتی نزیکە و لەلایەن زۆر دامەزراوەی وەک خێزان، قوتابخانە، گروپی هاوڕێیان و میدیا، ئەوان یارمەتیدەرن بۆ چاندنی بەها مرۆییەکان و دانانی پێوەر بۆی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی تیۆری-شیکارییە بۆ تێگەیشتن لە شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە ڕوانگەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکانەوە. وەك کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لە نەبوونی توێژینەوەی تیۆری تایبەت و کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدایە. توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت: شیکردنەوەی چەمکی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد، دۆزینەوە و شیکردنەوەی فاکتەرە کاریگەرەکانی دروستبوونی شوناس، و شرۆڤەکردنی ئەم شوناسە بەپێی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان.میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە پشت بە شیکردنەوەی دۆکیومێنتی و سەرچاوە کۆمەڵناسییەکان بەستووە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی، ناسنامە و ئێتنیسیتی، تیۆرەکان، توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە: لەوانەش شوناسی کوردی لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی فراواندا دروست بووە کە تێیدا ڕۆڵ، نۆرم و بەهاکان بەردەوام لە گۆڕاندان.هەندێك جار دووچاری قەیرانی شوناس بووەتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرنە و بەرەنگاربوونەوەی کەلتورە جیاوازەکان. مێژووی پەرتەوازەبوونی کوردستان بووەتە هۆی تێکەڵبوونی قەیرانی شوناس و قەیرانی شوێن. کورد وەك گرووپێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی شوناسیان هەوڵی داوە کە جیاوازی ئەرێنی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە دروست بکەن. شوناسی کوردی بەردەوام لە ڕێگەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە، چیرۆکی نوێ، پەرسەندنی کەلتوری و ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ دنیای دەرەوە دروست دەکات.

چەمکە کلیلەییەکان: (شوناس ، شوناسی کۆمەڵایەتی ، تیۆر )

**پێشەکی**

شوناسی کۆمەڵایەتی کورد، وەک بوارێکی زانستی و توێژینەوەیی، بەشێکی گرنگە لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان کە تیشک دەخاتە سەر ڕەفتار، پەیڕەو، پێکهاتە، و پێوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕووشنایی تیۆرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا شی بکاتەوە و لێکۆڵینەوەی تیۆری شیکاری بۆ بکات. ئامانج لێی ئەوەیە کە تێڕوانینێکی قووڵتر و فراوانتر بەدەست بهێنرێت لەسەر ئەو ڕەهەندانە کۆمەڵایەتییە و کلتوورییانەی کە کاریگەرییان هەبووە و هەیە لەسەر کۆمەڵگای کوردی.

توێژینەوەکە لە چوار بەش پێك هاتووە :- بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانە، بەشی دووەم: لە دوو باس پێك دێت باسی یەکەم: سەرەتایەك لە سەر شوناس و باسی دووەم: ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی، بەشی سێیەم لە دووباس پێك دێت باسی یەکەم تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی لای زانایان ( کۆفمان ، پارسونز و جەنگینز و ئەریك ئەریکسون ) وباسی دووەم شوناسی کۆمەڵایەتی کورد ، بەشی چوارەم: تاوتویی کردنی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکان و لە کۆتایی دا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان پێك دێت.

**بەشی یەکەم:**

**باسی یەکەم : چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**یەکەم/ کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نە**زانینی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕووشنایی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان** . ئەم کێشەیە لە چەندین ڕەهەنددا دەردەکەوێت، کە پرسیارەکان بریتین لە:

1. **کەمی لێکۆڵینەوەی تیۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردی** زۆربەی لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر کۆمەڵگای کوردی ئەنجامدراون، زیاتر لە ڕوانگەیەکی مێژوویی یان سیاسییەوە بوون، نەك لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی و تیۆرییەوە. ئەمەش وای کردووە کە شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە ژێر سێبەری تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا نەمێنێت.
2. **ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای کوردی** لە مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی چەندین قەیران و گۆڕانکاری بووەتەوە، وەك شەڕ، کۆچ، و دابەشبوونی سیاسی. ئەم ئاڵۆزییانە وایان کردووە کە شیکردنەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە ڕێگەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەرکێکی سەخت بێت..
3. **نەبوونی تێڕوانینێکی یەکگرتوو** لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بە سەر چەند وڵاتێك دا دابەش کراوە بووە، تێڕوانینێکی یەکگرتوو لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی کورد بوونی نییە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

أ-بواری تیۆری : خۆی لەگەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە، وەك ئاشکرایە گرنگی لایەنە تیۆرییەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستییانە وابەستە بە بابەتی توێژینەوەکەوە بێت لە کاتی نوسین لەوبوارەدا، ئەویش بە بەرجەستەکردن وتیشك خستنەسەر ئەو بابەتە تیۆری وپەرتووکە نوسراوانەی کە لە سەر بابەتەکەن (شفیق، 2008: 19). ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکاندا.
ب- بواری پراکتیکی : گرنگی پراکتیکی توێژینەوەکە وێنەیەکی تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، لە ڕێگای زانیاری وداتاکانەوە، ئەمەش وەڵامدانەوەی پرسیارو ئامانجەکانی لایەنە پراکتیکییەکە دەبێت، کە وەك پاڵپشتێکە بۆ لایەنە تیۆرییەکە.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە تێگەیشتنێکی قووڵتر و فراوانتر بەدەست بهێنرێت لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی کورد. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازە شیکارییەکانەوە دەکرێت. بەم شێوەیە، توێژینەوەکە یارمەتی دەدات کە کۆمەڵگای کوردی لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە لێك بدرێتەوە. هەروەها گرنگییەکی زۆری هەیە لە بواری شوناسی کۆمەڵایەتی کورد، و دەتوانێت یارمەتی بدات بۆ زیادکردنی تێگەیشتنێکی قووڵتر و فراوانتر لەسەر کۆمەڵگای کوردی..

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

**1-** دۆزینەوەی فاکتەرە کاریگەرەکانی دروستبوونی شوناس.
2-**شیکردنەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە ڕێگەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان**.
3- پەرەپێدانی بوارەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد، بە تایبەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:**
وشەی میتۆد بە گشتی ڕێگەیەکە یان کردەیەکە کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی ( ئەبراش، 2013 : 100) . لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێنراوە، کە زیاتر لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان بە کاردەهێنرێت و لە ڕووی تیۆرییەوە بابەتە کان خراوەتەوە ڕوو بە ئامانجی وەسفکردن و پاشان شیکردنەوە یان بۆ کراوە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوە زانستییە کان و بەکارهێنانی ئامرازی کتێبخانەیی و گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە (المسعودي والخضريري، 1992 : 42).
**باسی دووەم: ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە:**

1- شوناس

مانای زمانەوانی بۆ زمانی دایکی ناسنامە یان شوناس ( Identity ) لە وشەی( Identitas )ی لاتینیەوە وەرگیراوە و بە دوو مانای دژبەیەک بەکاردەبرێت، ئەوانیش (وەک یەکی و یەک چەشنی) و(لێکجودایی، یان جیاوازیی) (گوڵمحەمەد ی، 2007 : 221 ).

sjh@univsul.edu.iq

لەئینسایکلۆپیدیای دەروونزانی و شیکردنەوەی دەروونیدا شوناس ئەوەیە، کە مرۆڤ بەبەردەوامی کیانێکی تایبەتی جیاواز لە ئەوانی تری هەبێت (الحفني ، 1994 : 379).

(سیوەیلی) دەریدەخات، کە شوناس : بەو خەسڵەتانە دەگوترێت، کە بەهۆیەوە کەسێک لەوانی تر جیادەکاتەوە ( سیوەیلی، 2015 : 72 ).

فەرهەنگی دەروونزانی (هەمەوەند) پێناسەی دەکات بە: پێزانین، یان هەستکردنی هەرتاکێک بە کەسێتی ی خۆی وەک تاکێکی سەربەخۆو جیاواز لە وانیتر (هەمەوەند أ، 2019 : 212).

پێناسەی رێککاری : شوناس بریتییە لە کۆی ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی کە کەسێک یان گروپێک لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە، هەروەها ئەو هەستەی کە تاک بەرامبەر بە خۆی هەیەتی لەم توێژینەوەی مەبەستمان لە شوناس کورد لە بەر رۆشنایی تیۆرەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا .

2- شوناسی کۆمەڵایەتی

- (ولیام گلاسەر) پێی وایە : شوناسی کۆمەڵایەتی توانای مرۆڤە بۆ ئەوەی درک بکات ،کە ئەندامی گروپە و توانای بەدەستهێنانی ئەو مانا بەنرخ و هەستیارانەی پەیوەستن بەئەندامێتییەوە. هەروەها توانای کارلێککردن و کاریگەری لەسەر گروپەکە پەیوەستە بە تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک سەربەخۆیی، دەسەڵات، کاتبەسەربردن وئازادی ( Weigert, 1986: 171 ).

- (قادر )پێی وایە: شوناسی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی سۆزدارییە ، کە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا ئاسان دەکات، بەوپێیەی پلەیەک لە وابەستەیی دەگرێتەوە ، کە کۆمەڵ دەکات بە دایکی مرۆڤ و مرۆڤیش دەکاتبە بەشێک لەو کۆمەڵە، ئەم یەکگرتوویی و وابەستەییە دیدگای ئەرێنیی کۆمەڵ و خواستی لایەنی مرۆڤ لە یەکگرتن لەگەڵیدا دروستدەکات و خۆی بە ئەندامێک لەو کۆمەڵ ە دەزانێت،ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی ئەرێنی بۆ خود و رێزگرتنی(قادر، 2018 : 381).

- (تاجفێل)پێی وایە، کە شوناسی کۆمەڵایەت ی بەشێکە لە چەمکی خود لای مرۆڤ، کەلەپەرۆشی بۆ زانینی ئەندامێتی بۆ گروپێک سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ بەدەستهێنانی گرنگی بەهاکان و لایەنی سۆزداری، یان ویژدانی، کە پەیوەستە بەو ئەندامێتیەوە(Tajfel 1978: 63 ).

- پێناسەی رێککاری :شوناسی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە خۆناسینی تاک کە لە ئەنجامی زانینی ئەندامێتی خۆی لە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دروست دەبێت، لەگەڵ ئەو بەها و هەستە سۆزدارییانەی کە پەیوەندییان بەو ئەندامێتییەوە هەیە".

3- تیۆر

- تیۆر وەك زاراوە : بریتیە لە کۆمەڵێك چەمك و پێناسە و گریمانەن، کە تێروانینێکی رێکخراو دەدەن سەبارەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو،لە ڕێگەی دیاریکردنی پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانی نێوان گۆڕاوە تایبەتەکان بەو دیاردەیە.

بە ئامانجی ڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیە و پەیبردنیی داهاتوویانە پێی یاخود ڕاڤەکردنی هۆکاری ڕوودان و دەرکەوتبوونی ئەو دیاردەیە(غریب ، ٢٠١٢: ٣٤).

- تیۆر بونیادێکی هزری هەماهەنگە و پەیوەستە بە هەندێک دیاردەی دووبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، یان کۆمەڵێک یاسای پێکەوە بەستراوە دەربارەی هەندێک دیاردە و ڕووداو کە لە ڕێگەی درک کردن و بیرکردنەوەی عەقلانییەوە مەبەستەکانی دەگەیەنێت (النوري والحسنی، 1985 : 9).

- هەروەها تیۆرەکان سیستەمێکی مەعریفەی گشتێنراون کە لایەنە جیاوازەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی لێک دەدەنەوە بەجۆرێک گوزارشت لە بەرزترین پلەی تاقیکردنەوە و گشتاندن دەکەن ، پەیوەندی نێوان یاسا و کێشەکان یەک دەخەن ، یارمەتی بیرمەندانیش دەدەن بۆ دۆزینەوەی یاسا نوێیەکان و دەرخستنی بەڵگە نادیارەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (الکاشف، 2000 : 4).

- پێناسە ی ڕێککاری تیۆر : بریتییە لە گوزارشت و ڕاڤەی عەقڵانی دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگە، دوورە لە وێنا و خەیاڵ و مەبەست وبەرژەوەندی تایبەت و دیاریکراو، کەئەمەیش هۆکارێکی بەهێزە بۆ لایەنی بابەتی بوون ، دۆزینەوەی ڕێگە زانستییەکانی کاری توێژەر بەگشتی و توێژینەوەکان بەتایبەت.

بەشی دووەم : شوناس، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی

باسی یەکەم : سەرەتایەك لە سەر شوناس

شارستانێتی کۆن، شوناس و ناسنامەیەکی نەبوو، بۆیە خەڵکی بە گشتی هێندە پێی ئاشنا نین، هەر شتێك شوناسی نەبێت ئیتر ون دەبێت. بەناوبانگترین و گرنگترین شوناس بۆ سەرجەم گەلانی جیهان، بزووتنەوەیەکی گەورەی فکرییە، ئەگەر لە یۆنان ئەو ڕێنیسانسەی ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا دروست نەبوایە، هەرگیز یۆنان نەیدەتوانی ئەم مێژووەو ئەم شوناسە بۆخۆی مسۆگەر بکات، تەنانەت وەك برتراند ڕاسڵ دەڵێت: هەموو ئەوروپا خۆیان بە قەرزاری یۆنان دەزانن، لە سەدەی شازدەو ئینجا سەدەی حەڤدە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە سروشت بە تەواوی گۆڕانکاری تێکەوت. چونکە ئەم دوو سەدەیە بە سەدەی زانست و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دادەنرێت.فەیلەسوفەکان دەریانخست کە مرۆڤ وزەیە. هەندێکی دیکە بەتایبەت (دیکارت) وتی مرۆڤ سەروەری جیهانە. چونکە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە گەردوون بوو، دواییش لێکۆڵینەوە لە ئایینی مەسیح و ئایینی مرۆڤایەتی بوو. بەڵام لە سەدەی شازدەوە، وەرچەرخانێکی گەورە لە فیکرو لە فەلسەفەی ژیان دروستبوو، کە گرنگیان بە مرۆڤ دەدا. ئینجا دەیان قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی دروستبوون(سدیق ، 2022: 3). شوناس وەک چەمکێکی گشتگیر و فراوان و فرەڕەهەند دەردەکەوێت؛ گەرچی لە ڕووکاردا وێنەیەکی چەسپاو دەبەخشێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری تێدایە و چەقبەستوو نییە و بە تێپەڕینی کات، یان هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی، دەشێت شوناس گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. وێڕای ئەمەش، پرسیار لە چییەتی خودی شوناس دەمانباتەوە بۆ شیکارییە سەرەتاییەکان، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی پرسیارکەرە و لە خۆی و لە دونیا ڕادەمێنێت و پرسیار لە چییەتیی خۆی و شتەکانی

sjh@univsul.edu.iq

چواردەوری دەکات. لەو ساتەوە کە لە خۆی دەپرسێت (من کێم و چیم؟)ئەو وەڵامەی دەستی دەکەوێت، دەبێتە شوناسەکەی. لە دیوێکی تری کۆمەڵایەتییشدا، پرسیار لەبارەی (ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییە کێیە؟) دیسان وەڵامەکەی دەبێتە شوناسی بکەرە کۆمەڵایەتییەکە(حمە رەشید ، 2023: 18).

شوناس یەکێکە لەو چەمکە زۆر ئاڵۆزانەی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان گە بە دوایی خۆیدا زۆرێك کفتوگۆ و مشتومری هێناوە. پرسی شوناس وەك بابەتێکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی رەگ و ریشەیەکی مێژووی دوور و درێژی هەیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی گرنگیدان بە فەلسەفە گریگەکان ، بەڵام گرنگیدان بە شوناس وەك دیاردەیەکی سیاسی و دەرکەوتەیەکی ناو زانستە کۆمەڵایەتیە کان و سیمای زەقی کۆمەڵگاکان تەمەنێکی کورتی هەیە و لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا هاتوەتە ناو کایەی ئەکادیمی و سیاسیەوە(جەهەر ، 2019: 474).

زانایان لەسەر دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی شوناس جیاوازیی بۆچوونیان هەیە و دیاردە جۆراوجۆرەکان بەسەرچاوە و پێکهاتەی شوناس دەزانن، پلەبەندی و گرنگ ی سەرچاوەکانیش لە نێوانیاندا بابەتێکی دیکەی جیاوازیی دەخوڵقێنە. هەندێک لەو توخمانەی، کە شوناس دروست دەکەن ، بریتین لە نیشتیمان، زمان، ئەدەب، ئاین، نەریت وبەهاکان و یاسا، دەسەڵات. ئەمانە بۆ دروستبوونی شوناس پێویستن، ئینجا لە مرۆڤدا بێت، یان لە کۆمەڵدا، کۆمەڵێک بنەما و توخمی سەرەکی پێویستە کە دەبێت کۆمەڵگە لەسەری رێکبکەوێت هەتا لەقۆناغی دواتردا کۆمەڵەکەی پێ بناسرێت.

باسی دووەم : رەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی

پرۆسەی پێکهاتنی شوناس پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و وەرگیراوە، بەو پێیەی مرۆڤ کاریگەر دەبێت بەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، پێکهاتنی شوناس کاریگەر دەبێت بە سروشتی کۆمەڵگە و کولتوورەکەی، هەروەها شێوازی ژیان و ئەو ژینگەیەی، کە مرۆڤ تێیدا دەژی .
شوناسی کۆمەڵایەتیی چەند پێکهێنەرێکی سەرەکیی هەیە، کە لە رەگەزی (بەرجەستە و نابەرجەستە ماددیی و مەعنەوی)دا کۆ ئەبنەوە و وا ئەکەن تاکەکان شوناسی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لە هەمان کاتدا شوناسی هاوبەشییشیان لەگەڵ یەکتر هەبێت، کە ئەندامانی یەک گرووپی کۆمەڵایەتیی پێ ئەناسرێتەوە.
فیلسۆف و توێژەرێکی سیاسیی فەرەنسی ئەلێکس میکشیللی( ١٨٠٥–١٨٥٩) لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسدا ئاماژە بۆ چەند رەگەزێک ئەکات و دەکات بە چوار بەشەوە :
یەکەم: رەگەزە ماددی و فیزیاییەکان؛ وەک ناو و موڵک و ئابووری و دارایی و سیستمی نیشتەجێبوون وگەرەک و ئینتیمای کۆمەڵایەتیی و بنەماڵەیی و.. هتد.
دووەم: رەگەزە مێژووییەکان؛ بنەچە و ناوبانگ و بنەماڵە و خزمایەتی و چیرۆکی ئەفسانەیی بنەماڵە و هۆز و نەریت و دابی دیاریکراوی هۆز و خێڵ و.. هتد.
سێیەم: رەگەزی کولتووریی دەروونیی ؛ سیستمی کولتووریی و بیرو بڕوا و ئایین و سیمبول و ئایدیۆلۆژیا وبیرکردنەوە سەبارەت بە کۆمەڵگە و ئەدەب و هونەر و بەها و.. هتد.
چوارەم: رەگەزە دەروونیی یە کۆمەڵایەتییەکان: پێگە و رەگەز و پیشە و دەسەڵات و رۆڵی کۆمەڵایەتیی وئینتیما و لێهاتوویی و توانست و تەرزی رەفتاریی و.. هتد (مەجید ، 2023: 42-43).

هەروەها زانا و توێژەرێکی سیاسیی ئەمریکی ساموێل هەنتینگتۆن (1927- 2008)( Samuel P. Huntington) رەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناس دەکات بە شەش بە شەوە :

١ .تایبەتمەندییە کەسییەکان: تەمەن، ڕەگەز، بنەچە، نەژاد، خزمایەتی)خزمایەتی خوێن خزمایەتی دوور.

٢ . تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان: بنەماڵە، خێڵ، هۆز، نەتەوە، زمان، ئاین، شارستانیەت.

٣ . تایبەتمەندییە ناوچەییەکان هەرێمییەکان: بریتین لە گەڕەک، گوند، شارۆچکە، شار، پارێزگا، ویلایەت، هەرێم، وڵات، ناوچەی جوگرافی، کیشوەر.

٤ . تایبەتمەندییە سیاسییەکان: ناکۆکی لەناو گروپ، یان جیابوونەوە لە گروپێک، زومرە، سەرکردە، ئەو گروپەی ، کە بەرژەوەندییەکی تایبەتیان هەیە، بزووتنەوە، حیزب، ئایدۆلۆژیا، دەوڵەت.

٥ . تایبەتمەندییە ئابورییەکان: ئەرک، کار، پیشە، گروپی بازرگانی، وەبەرهێنەر، پیشەسازی، کەرتی ئابوری، سەندیکا، چینایەتی.

٦ .تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان: هاوڕێ، یانە کۆمەڵایەتییەکان، تیم، هاوکاران، گروپی کات بەسەربردن، پێگەی کۆمەڵایەتی(هنتکتو ن، 2005 : 43.)

ئەم تایبەتمەندییانە هەریەکەیان بنەمایە بۆ دروستبوونی شوناس لەلای مرۆڤ، پاڵپشت بە سیستمێکی یەکگرتووی بەهاکان، چونکە هەریەک لەو تایبەتمەندییانە لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری جۆرێک لەبەهایە، جگە لەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە شوناس لەیەکەم ساتی لەدایکبونەوە، کە بەرەگەز دەستپێدەکات و وردە وردە دەست بە بونیادنانی خۆی دەکات لەڕێگەی ئەو پێدراوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریانەوە و کەڵەکە دەبن و لەکۆتایدا شوناسێک دەبەخشێتە هەر کەسێک، ئەم شوناسەش ئەگەر لەچەند لایەنەوە هاوبەش بێت لەنێوانیاندا، ئەوا لە چەندین لایەنی تری مرۆڤایەتییەوە جیاوازە.

بەشی سێیەم : تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی، شوناسی کۆمەڵایەتی کورد

باسی یەکەم : تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی

هەرچەند تیۆرەکان لەبارەی شوناس بە گشتی و شوناسی کۆمەڵایەتی زۆرن و بابەتەکە جێی بایەخی بیریارانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە لە ڕوانگەی جیاوازەوە، وەک: دەروونناسی وکۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و زانستە سیاسییەکان و... هتد، لەم توێژینەوەیەدا چەند تیۆری دەخەینە بەرباس و شیکردنەوەکە کە پەیوەستە دەکەینەوە بە شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکاندا.

**یەکەم: تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لای هێنری تاجفێل سۆسیۆلۆژیستی پۆلەندی ( ١٩١٩- ١٩٨٢ )**

تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاجفێل و هاوکارەکانیەوە دارێژراوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، شوناس دوو لایەنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی هەیە. شوناسی تاکەکەسی ئاماژە بە لایەنەکانی خود دەکات کە دەبێتە هۆی جیاوازی تاک لە ئەوانی تر و تایبەتە بە تاک. لە بەرامبەردا، شوناسی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتییە. تیۆرەکە دەڵێت پێکهاتنی شوناسی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی لە پرۆسەی بەراوردکاریی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە خەڵک لە خۆیان دەپرسن کە چۆن لەوانی دیکە دەچن و چۆن لەوان

sjh@univsul.edu.iq

جیاوازن. لەم ڕەهەندەدا، تاک خۆی لەسەر بنەمای پەیوەستبوونە گرووپی یان چینایەتییەکان پێناسە دەکات (Tajfel, H. 1978: 74).

گەشەسەندنی تیۆرەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و دواتریش، کە تێیدا وەسفی ئەو پرۆسێسە مەعریفییانە دەکرێت کە پەیوەستن بە شوناسی کۆمەڵایەتییەوە و چۆن کاریگەری لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی دەبێت لەسەر ئاستی ڕەفتار لە ناو گرووپدا.

تاجفێڵ شوناسی کۆمەڵایەتی بە زانینی تاک لەسەر پەیوەستبوون بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و گرنگ دەزانێت. ئەو چاوەڕوان دەکات کە گرووپەکەی تایبەتمەندی هەبێت کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی تر شیاوی کێبرکێ بێت. هەر کاتێک هەستی پەیوەستبوون بە گرووپ زیاد دەبێت، تاک دەگاتە دۆخێک کە پێی دەوترێت "جیاوازبینی خود". تاک تا ئەوپەڕی توانا لەگەڵ گرووپدا هاوشێوەسازی دەکات و لە جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر کەم دەکاتەوە. لەم دۆخەدا ئەو خۆی لەسەر بنەمای یاساکانی گرووپ پێناسە دەکات (روشگ، ١٣٧١: ٨٦).

تاجفێڵ لەبارەی ئەندامێتییەوە لە گرووپدا، پێی وایە گرووپ تەنانەت گەر بە شێوەی زۆرەملێش بێت، بە هۆی دۆخێکی تایبەتەوە، بۆ دروستبوونی شوناس لە ناو گرووپدا ڕۆڵی دەبێت لە ئاراستەکردنی ڕەفتار بەپێی یەکانگیری لە ناوخۆی گرووپدا و جیاکاری لە بەرامبەر ئەندامانی گرووپێکی تری دەرەکیدا.(Jenkins, 2008: 7)

بە بڕوای تاجفێڵ، تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لەسەر سێ بیرۆکەی سەرەکی دامەزراوە:

١ .ئاستی شوناس و جۆرەکەی، کە بۆ وەسفکردنی خود و ئەوانی دیکە بەکاردێت

2 .سەرهەڵدانی شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی خود، یان بنیاتنانەوەی .

3.ئەم گۆڕانکارییە لە دروستکردنی ڕەفتاری کۆمەڵ بەشدارە، واتە کردار و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخات لە ڕێگەی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی خود لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی دیکەدا (عبدالرحمن، ٢٠١٠: ٢٦).

تاجفێڵ و تێرنەر ئەم باسەیان هێنایە پێش کە پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەم پارادایمەدا، لانیکەم شوناسێکی کۆمەڵایەتی بۆیان دروست دەکات. بە واتایەکی تر، ئەوان ئەندامێتی لە پۆلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا وەک پێناسەی خۆیان قبووڵ کرد. شوناسی کۆمەڵایەتی وەک لایەنێک لە خۆتێگەیشتنی کەسی لەسەر بنەمای ئەندامێتی چەمکسازی کرا.

بەپێی تیۆری تاجفێڵ، شوناسی کۆمەڵایەتی وەک ئاگایی تاک لە پەیوەستبوون بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بەها و گرنگی سۆزداری ئەم ئەندامێتییە بۆ تاک چەمکسازی کراوە. لە ئەنجامدا، بە پەیوەستبوونی تاکەکان بە گرووپە جیاوازەکان، ئەوان دەگەنە شوناسی کۆمەڵایەتی کە نیشاندەری دۆخی تایبەتیان لە کۆمەڵگادا. بەڵام پەیوەستبوون بە گرووپێکی دیاریکراو، تەنها لە کاتێکدا دەبێتە هۆی بەشداری لە شوناسێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی کە تایبەتمەندییەکانی ئەو گرووپە بتوانێت بە شێوەیەکی لایەنگیرانە لەگەڵ گرووپەکانی تر بەراورد بکرێت. لەم بەراوردەدا، تاکەکان مەیلیان بۆ داوەری بە قازانجی گرووپی خۆیان هەیە.

sjh@univsul.edu.iq

دووەم : **تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لای پارسونز سایکۆلۆژیستی ئەمریکی (1927_1973):**

تیۆری سیستەمی کۆمەڵایەتی پارسۆنز مەرجەکانی دروستبوونی "خود" باس دەکات. "خود" رێگایەکە بۆ ناسینی شوناس. لەم تیۆرییەدا دەتوانین پێکهاتەی کۆمەڵگا و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر تاک بناسینت.

پارسۆنز زیاتر لە تیۆریستەکانی سەدەی نۆزدە هەوڵی دا پەیوەندی نێوان کولتوور، کەسایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە چوارچێوەی تیۆردا دەربخات. لە تیۆری پارسۆنزدا، سیستەمی کولتووری بەهۆی هەبوونی توخمە هێماییەکان و بەهاکان، گرنگترین سیستەمە، بەهۆی هێمایی بوونیەوە، توانای گواستنەوەی بۆ سیستەمەکانی تر هەیە؛ بەجۆرێک کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، بە شێوەی نموونەی کرداری (نۆرمەکان) دەردەکەوێت و لە سیستەمی کەسایەتیدا(ادیبی، 1354، 137).

لە سیستەمی کەسایەتیدا، سیستەمێکی لاوەکی شوناس هەیە کە بنەمای بەردەوامی کەسایەتی پێک دێنێت و دەتوانێت چاودێری سیستەمە لاوەکیەکانی تری کەسایەتی و پەیوەندی نێوانیان بکات. لە لایەکی ترەوە، سیستەمی کەسایەتی، توخمە پێویستەکان بۆ سەقامگیری ناوەکی و گەشە و پێگەیشتن بۆ سەرکەوتنی رەفتار لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا لە نموونە کولتوورییەکاندا دەدۆزێتەوە.

ئەگەر لە سیستەمی کولتووریدا کەموکوڕی هەبێت و رێژەی هاتن و دەرچوون هاوسەنگ و مەعقول نەبێت، ئەم سیستەمە توانای هێمایی خۆی (شیاوی گواستنەوە بۆ سیستەمی تر) لە دەست دەدات. سیستەمی کەسایەتیش کە توخمە پێویستەکان بۆ سەقامگیری ناوەکی خۆی لە نموونەکانی تر، بە تایبەت نموونە کولتوورییەکان وەردەگرێت، ناتوانێت کارەکەی بە دروستی ئەنجام بدات. کەواتە لە ناو سیستەمی کەسایەتیدا، سیستەمی لاوەکی شوناسیش تووشی لاوازی دەبێت. بەم شێوەیە، مەرجەکانی سستی و لەناوچوون لە تاکەکاندا دروست دەبێت و کۆمەڵگا تووشی قەیران دەبێت(تنهایی، 1374، 106).

پارسۆنز لە کتێبی "پێکهاتەی کردەی کۆمەڵایەتی"دا تیۆرێکی بە ناوی تیۆری سیستەمەکان هەیە. ئەو لەم تیۆرەدا سیستەمی کردە لە چوار بەش پێکهاتوو دەزانێت کە بریتین لە: سیستەمی کولتووری، سیستەمی کۆمەڵایەتی، سیستەمی دەروونی و سیستەمی بایۆلۆژی. پارسۆنز بۆ ئەم وردەسیستەمانە نموونەیەک پێشکەش دەکات کە بۆ پاراستن و مانەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێویستن و ئاماژە بە کارکردەکانی هەر سیستەمێک لە پێناو مانەوەی کۆمەڵگادا دەکەن.

هەر سیستەمێک لە هەر ئاستێکدا بۆ ئەوەی بمێنێتەوە دەبێت چوار پێداویستی یان پێش مەرج جێبەجێ بکات کە پارسۆنز پێی دەڵێت پێش مەرجەکانی کارکردی، کە بریتین لە:

١ .گونجاندن :(Adaptation) هەر سیستەمێک دەبێت لەگەڵ ژینگەی خۆیدا بگونجێت.

٢ .گەیشتن بە ئامانج :(Goal Attainment) هەر سیستەمێک دەبێت ئامرازی کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی خۆی هەبێت تا بتوانێت بگاتە ئامانجەکانی و ڕەزامەندی بەدەست بهێنێت.

sjh@univsul.edu.iq

٣ .یەکپارچەیی :(Integration) هەر سیستەمێک دەبێت هاوئاهەنگی ناوخۆیی بەشەکانی خۆی بپارێزێت و شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی لادان دروست بکات، بە واتایەکی تر دەبێت خۆی یەکگرتوو بهێڵێتەوە.

٤ .پاراستنی نموونە :(Latent Pattern Maintenance) هەر سیستەمێک دەبێت تا ئەو جێگایەی دەکرێت خۆی لە دۆخی هاوسەنگیدا بهێڵێتەوە.

هەر یەک لەم کارکردانە پەیوەندی بە یەکێک لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. گونجان و خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی ماددی کارکردی سیستەمی ئابوورییە، بەدیهێنانی ئامانجەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کارکردی سیستەمی سیاسییە، یەکپارچەیی و پاراستنی ڕێکخستن پەیوەندی بە سیستەمی یاسایی و قانوونییەوە هەیە و نموونەی شاراوەی پاراستنی ڕێکخستن ئەرکی سیستەمی کولتوورییە(اسمت، 1383، 46).

لەم نموونەیەدا هەموو سیستەمەکان هێزی یەکسانیان نییە. ڕاستە کە هەر یەک لەم سیستەمانە لە یەکتر سەربەخۆ و جیان، بەڵام لەم نێوەندەدا گرنگی سیستەمی کولتووری لە سیستەمەکانی تر زیاترە. پارسۆنز سیستەمی کولتووری بە سێ بوار دەزانێت:

١ .بواری دامەزراوە مەعریفییەکان: کە پەیوەندی بە بیرۆکە و باوەڕەکانی پەیوەست بە جیهانی دەرەوە هەیە.

٢ .دامەزراوە دەربڕینییەکان: وەک هونەر و مۆسیقا کە لە پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا بەکاردێن.

٣ .پێوەر و نۆرمە ئەخلاقییەکان: کە پەیوەندییان بە ڕاستی و هەڵەی کردەکانی مرۆڤەوە هەیە.

سیستەمی کولتووری لە ڕوانگەی پارسۆنزەوە تێکەڵبوون و کۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانە لە کۆمەڵگادا. کردەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەخۆگری هەڵبژاردنگەلێکە کە لەسەر بنەمای بەها و نۆرمەکانی ناو سیستەمی کولتووری دیاری دەکرێن، واتە تاکەکان لەسەر بنەمای ئەو بەها کولتوورییانەی کە تێیاندا دروست بوو( کرایب ، 1378، 52-53).

سێیەم: تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لای ریچارد دیل جنگینز بەریتانی (1947)(Richard Jenkins)

شوناسی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی یان خەسڵەتی هەموو مرۆڤەکانە وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، و لەم ڕووەوە سەرچاوەی واتا و ئەزموونە بۆ خەڵک و دەکرێت پشتڕاستی ئەوە بکرێتەوە کە شوناس دروستکراوە. لە ڕوانگەی جنگینزەوە، شوناسی کۆمەڵایەتی یارییەکە کە تێیدا "ڕووبەڕوو یاری دەکرێت"، شوناسی کۆمەڵایەتی تێگەیشتنی ئێمەیە لەوەی کە ئێمە کێین و ئەوانی تر کێن، و لەلایەکی ترەوە، تێگەیشتنی ئەوانی تر لە خۆیان و کەسانی تر چییە.

لەم ڕووەوە شوناسی کۆمەڵایەتی هەروەک واتا خۆڕسک نییە، و بەرهەمی ڕێککەوتن و نارێککەوتنە، و دەکرێت لەبارەیەوە گفتوگۆ بکرێت. ئەوەی کە گروپێکی مرۆیی شوناس دەبەخشێت لێکچوونێکە کە دەبێتە هۆی جیاوازییان لە گروپەکانی تر. لێکچوون و جیاوازی واتاکان کە تاکەکان دروستی دەکەن. کولتووری کۆمەڵگا مرۆییەکان پرۆسەی جیاوازی و لێکچوون بەرجەستە دەکات (جنگینز ، 1381 : 35-34).

sjh@univsul.edu.iq

ئامرازە کولتووری شوناس ، دەبێت هۆی شکڵ گرتنی شوناس لە نێوان کۆمەڵگا مرۆییەکاندا. زمان، ئایین، جلوبەرگ، حەزە ، خۆشی و کات بەسەربردن، وەرزش، خۆراک و... بابەتە کولتوورییەکان کە بۆ ژیانی هەر گروپێک واتا دروست دەکەن و دەبنە هۆی لێکچوونی ناوخۆیی گروپ و جیاوازی لە دەرەوەی گروپ.

لەسەر ئەم بنەمایە، گروپێک یان تەنانەت تاکێک دەتوانێت لە دۆخە جیاوازەکاندا چەندین شوناس بۆ خۆی دروست بکات و خۆی پێیانەوە پەیوەست بزانێت. "بەگشتی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی ڕێگایەک بۆ زانینی ئەوەی کە ئەوانی تر کێن و بەبێ جۆرێک لە تێگەیشتن لەوەی کە خۆمان کێین، ناکرێت وێنا بکرێت".

ئاگایی لە بوونی "خود" و پەیبردن بە کێیەتی و شوناسی خۆ لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر و خەڵکانی تر دروست دەبێت. کەواتە خۆئاگایی دەربارەی شوناسی کۆمەڵایەتی واتە ئەوەی کە واتای مرۆڤ بوون چییە، واتای مرۆڤ بوون لە جۆرێکی تایبەت چییە، تاک بوون چ واتایەکی هەیە، و ئایا مرۆڤەکان هەمان ئەوەن کە دەردەکەون

واتای شوناسە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخی جیهانی و بە وتەی فریدمان لە پرۆسەی جیهانیدا خاوەن لێکچوونن لە هەمان کاتی جیاوازیدا. هەموومان، تا ڕادەیەک، لەژێر سیستەمێکی گەشەسەندووی جیهانی زانیاری، بازرگانی و گواستنەوەی خێرادا دەژین کە تێیدا لێکچوونە جیهانییەکان بە هەمان ئەندازەی جیاوازییە ناوخۆییەکان ڕوونن(عبداللهی و همکاران، 1388: 6-7).

جنگینز لە پەرەپێدانی تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیدا لەژێر کاریگەری بیرۆکەکانی کەسانێک وەک هێربێرت مید، ئێرڤینگ گۆفمان و فریدریک بارسی مرۆڤناس دایە. جنکینز شکڵ گرتنی تیۆرەکەی خۆی بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: "ئەگەر شوناس مەرجێکی پێویست بێت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، پێچەوانەکەشی ڕاستە. شوناسی تاکەکەسی کە لە خودێکدا بەرجەستە بووە - جیا لە بواری کۆمەڵایەتی ئەوانی تر واتادار نییە. شوناسی تاکەکەسی جەخت لەسەر جیاوازی و شوناسی کۆمەڵ جەخت لەسەر لێکچوون دەکات. بەڵام شوناسی تاکەکەسی و خود بە تەواوی لە کۆمەڵگادا دروست دەبن. واتە لە پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی بوونی سەرەتایی و دواتر، و لە پرۆسە بەردەوامەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە لە چوارچێوەیاندا، تاکەکان لە درێژایی ژیانیاندا خۆیان و ئەوانی تر پێناسە و دووبارە دەکەنەوە.

سەرچاوەی ئەم ڕوانگەیە، پراگماتیزمی ئەمریکییە کە لە تیۆرە کاریگەرەکانی کوولی و مید سوودی وەرگرتووە. لە کاری ئەواندا تێگەیشتنێک لە "خود" وەک پێکهاتەیەکی بەردەوام، و لە کردەوەدا هاوکات، لە پێناسەی خود (ناوەکی) و پێناسەکانی خود کە ئەوانی تر پێشکەشی دەکەن (دەرەکی) بەدەست دێت. بەم شێوەیە بۆ ئەو نموونە بنەڕەتییە کە هەموو بەڵگاندنەکەم ئاشکرا دەکات نموونەیەک دەخرێتە ڕوو، واتە دیالێکتیکی ناوەکی - دەرەکی ناسینەوە وەک پرۆسەیەک کە بەهۆیەوە هەموو شوناسەکان - چ تاکەکەسی و چ کۆمەڵ - پێکدێن.

مید وەک پێشەنگی ڕیچارد جنکینز لە نێوان "منی بکەر" یان شوناسی تاکەکەسی و "منی کارتێکراو" یان شوناسی کۆمەڵایەتی جیاوازی دادەنا. هەردوو ئەم "من"انە لە ڕەوتی ئەزموون و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا شکڵ دەگرن. "منی بکەر" نیشاندەری هەستیاری ئەندام بۆ ڕوانگەی ئەوانی ترە و "منی کارتێکراو" کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە لە بۆچوونە دەرکەوتووەکانی ئەوانی ترە. ئەوەی کە لێرەدا جەختی لەسەر دەکرێت "منی کارتێکراو یان کۆمەڵایەتی"یە کە بەرهەمی

کۆمەڵێک ڕەفتاری شکڵگرتووە کە تاک فێری بووە. لەسەر ئەم بنەمایە "منی کۆمەڵایەتی" بەرجەستەبوونی بەها، نۆرم و ئەخلاقیاتی کۆمەڵگایە کە پەسەند کراوە.

چوارەم : تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لای ئەریك ئەریکسۆن زانای ئەڵمانی

تیۆرەکە ئەریکسۆن بەتیۆری دەروونی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت یەکێکە لەو تیۆر ە گرنگانەی کە بایەخی بە قۆناغەکانی گەشە لەلای مرۆ ڤ داوە. ئەریکسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکات، قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ هەشت قۆناغن، لەهەر قۆناغێکیشدا ڕووبەڕ ووی کۆمەڵێک فشاری کۆمەڵایەتی و کێشە دەبێتەوە، کە بە(قەیران) ناوی دەبات، پێویستە لەسەر مرۆڤ لەهەرقۆناغێکدا بەسەرئەو قەیرانانەدا زاڵ بێت و قەیرانەکە تێپەڕێنێت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە هەرقۆناغێک لە قۆناغەکان گەشە بەدووئاڕاستەدا دەڕوات، یەکێکان ئەرێنییە وئەوی دیکەیان نەرێنییە(ئەحمەد، 2023: 82).

قۆناغی پێنجەمە کە بە قۆناغی هەستکردن بە شوناس لە بەرامبەر تەنگژەی ڕۆڵ( ego identity vs role confusion ) کە بە قۆناغی هەرزەکاری دەست پێ دەکات و بە قۆناغی گەنجێتی کۆتایی دێت، یان "شوناسی من"بریتییە لە تێگەیشتن و زانینی تاک بۆ خودی خۆی و دانانی خۆی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بە وردبینییەوە، ئەمەش ڕێگەی دەدات کە قسە بکات لەسەر هەموو ئەوەی فێری بووە لەسەر خۆی و ژیان و بە شێوەیەکی یەکگرتوو و یەکانگیر ڕیزبەندیی بکات، کە پێی دەوترێت وێنای خود " Self – image " و ئەوەی گرنگە، ئەویە تاک کەسێکی کاریگەر بێت لە ناو کۆمەڵگەدا. لەمەدا گرنگیی سەرەکی ناسینەوەی کاردانەوە جیاوازەکانی هەرزەکارە و پێدانی ڕۆڵە پێی، تا کەناڵی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بکاتەوە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کۆمەڵگە سرووتی وگونجاوی هەبێت کە هەرزەکار بتوانێت تێیدا خۆی بسەلمێنێت و جیاکاری بکات لە نێوان تەمەنی خۆی و منداڵیدا. لەم ڕێگەیەوە هەرزەکار بۆ کۆمەڵگەی دەسەلمێنێت کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی هەیە بەرامبەر بە خۆی و ئەو ئەرکانەش کە خێزان و کۆمەڵگە بەسەریدا دەیسەپێنن( مەجید ، 2023: 45).

ئێرکسۆن جەخت لەسەر دوو قۆناغ ئەکاتەوە: ناڕۆشنیی شوناس، بە سە رنج خستنە سەر گرووپ کە کەسێک خۆی لە ناویاندا یەکانگیر ئەکات، دواتریش شوناسی کەسی یان خودی کە بە هۆی یەکانگیربوونی کەسێک لەگەڵ توانا و ئامانج و خولیا و توانستەکانیدا پێک دێت(الطنطاوي، ٢٠١٢ ، ص ٧).

ئەمە کورتەی تێڕوانی ئێرکسۆن بوو بۆ پێکهاتەی شوناس کە دۆخەکەی بە لایەنێکی دەروونیی– کۆمەڵایەتیی بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەن بەستەوە. لێرەوە توێژەر هەوڵ ئەدات چوارچێوەی بیرکردنەوە تیۆرەکەی (جەیمس مارشیا) بۆ پێکهاتن و رەگەزەکانی پێکهاتنی شوناس بخاتە روو، کە پێشی ئەوترێت قۆناغی پێشخستنی تیۆرەکەی ئێرکسۆن، کە مارشیا لە ڕێگەی دیاریکردنی چوار جۆری شوناسەوە ئەو قۆناغە ئەخوێنێتەوە، ئەوانیش:

بەرجەستەبوونی شوناس: گوزارشتە لە تەواوکاریی پێشکەوتن و گەشەکردنی کەسایەتی لەم قۆناغەدا، بە مانای تێپەڕینی تاک بە ساتەکانی دۆزینەوەی بەدیلەکاندا، کە وا ئەکات بتوانێت چەند پابەندییەکی دیاریکراوە بە دەست بهێنێت.

ڕێگریی بەردەم شوناس :قۆناغی بەر لە چەسپاندنی شوناسە، کە تێیدا تاک لە قۆناغی دۆزینەوەدایە، وێڕای ناڕۆشنیی پابەندییش. ئاستەنگی درووستبوون و دواکەوتنی شوناس : ئاماژەیە بۆ بێتوانایی تاک بۆ دۆزینەوەی خود، بۆیە بەردەوام پابەندی بەهاکانی قۆناغی منداڵی ئەبێت.

پەرتبوونی شوناس : ئەمەش کەمترین ئاستی گەشەکردنی کەسێتییە لەم ماوەیەدا، ئاماژەیە بۆ کەسێک کە پابەندی هیچ ئاراستەیەکی دیاریکراو نییە، ئەگەر هیچ بەدیلێکیشی دۆزیبێتەوە یان نا ( مەجید ، 2023: 46).

باسی دووەم : شوناسی کۆمەڵایەتی کورد

کورد یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام مێژووی دراسەکردن و هەوڵدان بۆ ناسینی سیما و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی تاکی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی هەوڵ و چالاکییە فرە ڕەهەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە بەشێوەیەکی گشتی لە سەدەی نۆزدەدا بەمەبەستی پاراستنی بەرژوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان و ناسینی (جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئاین و ئاینزا و...) ی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، دەستیان بە پشکنین و لێکۆڵینەوەی مەیدانی کردووە. بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوون و مانەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی، شارەزاییەکی باشیان لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایین و مێژوو و کەسێتی و خووڕەوشت و ڕەفتاری تاکی کورد بەدەستهێناوە و دواتریش تێڕوانینی خۆیان لەسەر کەسێتی تاکی کورد خستووەتەڕوو (حسێن، 2024: 27).

لە سەرەتادا کورد، کوردبوون و کوردستانی بوونی زۆر گرنگ و بەهێز بووە، بەو مانایەی کە لەو بەستێنەدا هیوای ئەوە هەبوو، کە کورد ببێ بە دەوڵەت و سەربەخۆیی فەراهەم بکات. هەربۆیە هەوڵدراوە کە خزمەت بە شوناسەکەی خۆی بکات، بەرز ڕاییگرێت و زەقی بکاتەوە. لە ساڵانی بیستەکاندا کە ئەو چوار دەوڵەتە دادەمەزرێن، تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و تا دامەزراندنی کۆماری مەهاباد، بە شێوەیەک خۆی پێناسە کردووە کە کوردبوون، سەربەخۆیی بوون و گەیشتن بە سەروەری خەونێکی گرنگی نەتەوەیی بووە و لەو چوارچێوەیە خۆی پێناسەکردووە.

زیاتر قسە لە سەر نوخبەی سیاسی و نوخبەی ڕێبەریی کورد و نوخبەی ڕۆشنبیریی دەکرێت، نەک بە گشتی باس لە عەوام بکرێت، چونکە ئەوکات لە نێو عەوامدا هەم شوناسی دینی و هەم شوناسی خێڵەکی بەرجەستە و زاڵ بووە. زۆر جار ئامانج شوناسی تۆ دیاری دەکات، تۆ ئەگەر ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانت هەبێ، کوردبوون، کوردایەتی و کوردستانیبوون دەبێ بە شوناس، بەڵام ئەگەر ئامانجەکەت بگۆڕی، لەوانەیە شوناسێکی دیکە لە لات گرنگ بێ. شکستی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، سەرەتای بەخۆداچوونەوەیە. بە واتایەکی دیکە، وەرچەرخانێکی گەورەیە لە تێگەیشتن و لە وێناکردنی ئینسانی کورد بۆ خۆی. ئەم شکستە وادەکات کە کورد بەو قەناعەتە بگات یان ئەوە مەیلەی لەلا دروستبێت کە سەربەخۆیی و درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی زۆر سەختە. ئیدی لێرەوە کورد بە جۆرێکی دیکە بۆ خۆی دەڕوانێ (کرمانج، 2023: 12).

لە سەردەمی بەجیهانی بووندا، ماناکانی ناسیۆنالیزم و پاراستنی چەمکی نەتەوایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناتوانرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئەفسانەی مێژوویی و سەرکردە کاریزمەکانی درێژە بە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری نەتەوە بدرێت، بەڵکو ئەمڕۆ نەتەوە تێکەڵ بە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی دنیای نوێ دەبێت و دەبێت نەتەوەش لە ڕێگەی بنیاتنانی شوناسێکی نوێوە بتوانێت خۆی وێنا بکات. پەیوەندی نێوان شوناس و نەتەوە بە دیاریکردنی کولتوور و ئایین و شارستانیەت دیاری دەکرێت.

sjh@univsul.edu.iq

سەرەتا لە تاکەوە پاشان بۆ سنوری کۆمەڵگە، دەبینین کە سیما و وێنەیەکی تایبەتمان نیە بۆ شوناس، بەتایبەتیش لەلای تاك جۆرە ئاڵۆزییەك هەیە کە ناتوانێت بەباشی تەعبیر لە جیهانبینی خۆی بکات لە ڕووی ئایینی و شارستانییەوە، بەمەش ئینتیما لای تاکی کورد ناتوانرێت لە وێنەیەکدا ببینرێت، بەڵکو دابەش بووە بۆ سەر کۆمەڵێك ئاستی جیاواز، بەمەش تاکی کورد لە یەك جۆر ئینتیماوە چووەتە بازنەی کۆمەڵە ئینتیمایەکەوە، گرووپەکانیشی نەیانتوانیوە تەعبیر لە شوناسێکی دەستەجەمعی بە کۆمەڵ بکەن، بەڵکو هەریەکەیان هەڵگری شوناسێکە کە تەعبیر لە ئایدیۆلۆژیا و پەیوەندییە سیاسییەکانی دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بڵێت لە دەرەوە باس لە شوناسی نەتەوەیی دەکرێت، بەڵام لە واقیعدا چەند جۆرێك لە شوناس هەیە کە زۆربەیان دژی ئەوی ترن و کار لەسەر لاوازکردنی یەکتر دەکەن، بەمەش شوناسە نەتەوەییەکە لە بەردەم لاوازبوون و پارچەبووندایە، پرۆژەیەکی گشتی نیە بۆ سەرخستنی و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی نییە لە کۆکردنەوەیان، ئەمەش مەترسییەکە بۆ ئایندەی، کە کورد وەك نەتەوە نەتوانێت تەعبیر لە شوناسێکی یەکگرتوو بکات، واتە کورد لەناوخۆدا پرۆژەیەکی نیە بۆ یەکگرتنەوە لەسەر بنەمای خاڵە نەتەوەییەکان و دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئینتیما و شوناسی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونکە کاتێك کە تۆ شوناسێکی دیاریکراوت نیە، ناتوانیت لە بەرامبەر ئەوانی تردا پێناسی خۆت بکەیت، یان لە بەردەم شەپۆلەکانی بەجیهانی بووندا خۆت بگریت.

بەشی چوارەم : تاوتویی کردنی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکان:

لە تیۆری یەکەمدا تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاجفێل بەپێی ئەم تیۆرییە، شوناس دوو لایەنە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. شوناسی تاکەکەسی ئاماژە بە لایەنەکانی خود دەکات و شوناسی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتییە ، لە ناو کورددا تاکەکان خۆیان پەیوەست دەکەن بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە، بەمەش ئاستی جۆربەجۆر لە شوناس لەناو کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت، کە دەبێت پارتێکی سیاسی، یان گرووپێکی مەزهەبی، یان ڕێکخراوێکی مەدەنی تەعبیری لێ بکات ئەو کات خودی شوناس کە ون دەبێت بەمەش تاکی کورد لە یەك جۆر ئینتیماوە چووەتە بازنەی کۆمەڵە ئینتیمایەکەوە، گرووپەکانیشی نەیانتوانیوە تەعبیر لە شوناسێکی دەستەجەمعی بە کۆمەڵ بکەن، تاجفێل لەگەڵ جۆن تێرنەر بناغەی تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی دارشت کە چەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە پەیوەستی دەکەینەوە بە شوناسی کۆمەڵایەتی کوردەوە:

1. پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی :خەڵك خۆیان و ئەوانی تر پۆلێن دەکەن بۆ گرووپی جیاواز. بەشی گرنگی شوناسی کوردی لە ڕێگەی ئەم پۆلێنکردنەوە دروست بووە - وەك کورد لە بەرامبەر عەرەب، فارس، تورك، ئەرمەن، ئەزەری و گەلانی دیکە. ئەمە تەنیا پۆلێنێکی نێگەتیڤ نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی شوناس.
2. خۆناسین بە گرووپ :تاکەکان بەشێك لە خۆناسینی کەسییان لە گرووپەکەیانەوە وەردەگرن. لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئینتیما بۆ گرووپ (کوردبوون) ڕۆڵی گرنگی لە دروستکردنی خودی تاکدا هەیە. ئەم ئینتیمایە لە ڕێگەی گێرانەوەی مێژوو، فۆلکلۆر، گۆرانی، شیعر و دەقی نووسراوەوە بەهێز دەکرێت.
3. بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی :تاجفێل پێی وایە گرووپەکان هەوڵی بەدەستهێنانی جیاوازی ئەرێنی دەدەن لە بەراوردکردندا. لە جیهانبینی کوردیدا، بەراوردکردنی کوردستان وەك "زێدی باب و باپیران" و "نیشتمانی جوان"

sjh@univsul.edu.iq

لەگەڵ شوێنەکانی تر، یان بەهادانان بۆ تایبەتمەندی کوردی وەك "میوان دۆستی" و "ئازایەتی"، نموونەی ئەو بەراوردکردنە ئەرێنییەن.

4. بایەخدانی گرووپ :کاتێك ئەندامێتی گرووپێك گرنگ دەبێت بۆ تاك، ئیتر ناچاری دەکات بەهای گرووپ بەرز بکاتەوە بۆ پارێزگاری لە خۆبایەخدانی. لە ڕووی مێژووییەوە، کورد سەرەڕای کۆسپە سیاسییەکان، بەردەوام هەوڵی پاراستنی بەهاکانی خۆی داوە وەك فۆرمێك لە خۆڕاگری کەلتووری، بەتایبەتی لە ڕێگەی مۆسیقا، ئەدەب و هونەر.

**لە تیۆری دووەمدا پارسۆنز سەیری کۆمەڵگا دەکات پێی وایە کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو بەم شیوە پەیوەست دەکرێت بە کۆمەڵگای کوردیەوە :**

1. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بەهاکان :پارسۆنز پێی وایە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەها و نۆرم دروست دەبن. کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵێك بەهای گرنگی هەیە وەك پارێزگاری لە خێزان، ڕێزگرتن لە گەورە، پارێزگاری لە عەرز و ناموس، پشتیوانی لە یەکتر، و میوان دۆستی کە ئەم پێکهاتەیە پێکدەهێنن.
2. هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی چوار ئەرکی سەرەکی ئەنجام دەدات :
   - گونجاندن :(Adaptation) کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی مێژوودا ناچار بووە خۆی لەگەڵ بارودۆخی جۆراوجۆر بگونجێنێت، وەك ژیان لە ژێر دەسەڵاتی جیاواز، شەڕ و ئاوارەیی، هەل و مەرجی ئابووری و سیاسی جیاواز.
   - بەدیهێنانی ئامانج :(Goal Attainment) کۆمەڵگای کوردی بەردەوام ئامانجی جیاوازی هەبووە، لە مافی خۆبەڕێوەبەردنەوە بۆ سەربەخۆیی، لە بەرگری کردن لە مافە کەلتووریەکانەوە بۆ گەشەسەندنی ئابووری.
   - یەکێتی :(Integration) بەها هاوبەشەکان، داب و نەریت، بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەییەکان وەك نەورۆز، و زمانی کوردی وەك فاکتەرگەلێکی یەکخستنی کۆمەڵایەتی کار دەکەن لە کۆمەڵگای کوردیدا.
   - پارێزگاری :(Latency) پارێزگاری لە بەهاکان و نمایشی بەردەوامی کەلتوور لە ڕێگەی خێزان، پەروەردە، ڕاگەیاندن و دامەزراوە کەلتوورییەکانەوە.
3. سیستەمی کار :(Action System) پارسۆنز چوار سیستەمی جیاواز دەناسێنێت لە ڕوانگەی شوناسی کوردییەوە :
   - سیستەمی کەلتووری: ئایین، زمان، ئەدەب، هونەر و بەهاکانی کوردی
   - سیستەمی کۆمەڵایەتی: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد (خێزان، خێڵ، ناوچە)
   - سیستەمی کەسێتی: چۆنیەتی وەرگرتنی بەهاکان لەلایەن تاکی کوردەوە و بەکارهێنانیان لە ژیانی تاکەکەسیدا
   - سیستەمی بایۆلۆژی: پێداویستییە فیزیکییەکان بۆ پارێزگاری لە ژیان، کە دەکرێت لە فۆرمی پەیوەندی کوردستان وەك سەرچاوەی سروشتی ژیان ببینرێت

لە تیۆرەی سێیەم دا جێنکینز لە کتێبی شوناسی کۆمەڵایەتی بیرۆکەی کەلتوور جەخت لەسەر پرۆسەی دیالێکتیکی نێوان شوناسی ناوخۆیی و شوناسی دەرەکی دەکاتەوە.

- شوناسی ناوخۆیی :کوردەکان بە درێژایی مێژوو خۆیان وەك نەتەوەیەکی جیاواز پێناسە کردووە، لەسەر بنەمای زمان، کەلتوور، مێژوو و هەبوونی نیشتمانێکی مێژوویی دیاریکراو (کوردستان). ئەم خۆ-پێناسەیە لە ڕێگەی نەتەوەپەروەری، ئەدەبیات، موزیك، فۆلکلۆر و بۆنە نەتەوەییەکانەوە (وەك نەورۆز) بەهێز کراوە.
- شوناسی دەرەکی :بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دەسەڵاتە سیاسییەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا هەوڵیان داوە شوناسی کوردی لەناو ببەن یان وەك "بەشێك لە" پێناسەی نەتەوەی سەردەست پێناسەی بکەن. ئەم ناکۆکییە نێوان خۆ-پێناسە و پێناسەی دەرەکی لە تیۆرەکەی جێنکینزدا بە ململانێی ناو دەبرێت.

**بەپێی جێنکینز، شوناسی ئیتنیکی لەسەر سنوورە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت (ئەمە لە کاری فرێدریك بارت وەرگیراوە):**

- سنوورەکانی نێوان کورد و نەتەوەکانی تر (عەرەب، تورك، فارس) لە ڕێگەی چەند جیاوازی کەلتووری، زمانی، و دابونەریتەوە بەرجەستە دەکرێن
- پارێزگاریکردن لەم سنوورانە لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی ڕۆژانەی جیاوازییەکانەوە (زمان، جلوبەرگ، خواردن، مۆسیقا، بۆنەکان)
- ئەم سنوورانە جێگیر نین، بەڵکو شلۆق و گۆڕاون بەپێی هەل و مەرجی سیاسی، کۆچ، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان

**جێنکینز گرنگییەکی تایبەت دەدات بە ڕۆڵی دەسەڵات لە پێناسەکردن و فەرزکردنی شوناسدا:**

- لە کوردستاندا ناهاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتە ناوەندییەکان ململانێی شوناسی کوردی کردووەتە مەسەلەیەکی سیاسی
- دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە شوناسی کوردی وەك شوناسی لاوەکی یان بخەنە خانەی "فۆلکلۆر" بێ ناوەڕۆکی سیاسی
- بەرەنگاری کورد بەرامبەر ئەم پۆلێنکردنانە، فۆرمێکی "سیاسەتی شوناس (politics of identity) "بووە وەك جێنکینز ئاماژەی پێدەکات

**جێنکینز پێی وایە شوناس تەنیا کۆمەڵێك هەست و تێگەیشتن نییە، بەڵکو بناغەیەکە بۆ کرداری کۆمەڵایەتی:**

- شوناسی کوردی بووەتە بنەمایەك بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان
- ئەم شوناسە هۆکارێکە بۆ کاری بەکۆمەڵ
- شوناسی کوردی لە هەندێك بارودۆخدا "ئامرازی" کراوە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی و ئابووری بەکارهێنراوە

sjh@univsul.edu.iq

لە تیۆرەی چوارەمدا ئەریکسۆن شوناس وەك دیاردەیەکی درێژخایەن دەبینێت کە بەردەوام لە گۆڕاندایە:

ئەریکسۆن پێی وایە شوناس لە ڕێگەی هەشت قۆناغی ژیانەوە پەرەدەسەنێت، کە هەر قۆناغێك قەیرانێکی تایبەتی هەیە. لە ڕوانگەی شوناسی کوردییەوە، قەیرانی هەرزەکاری "شوناس بەرامبەر شێواوی ڕۆڵ (Identity vs. Role Confusion) " زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆ گەنجانی کورد کە لە نێوان کەلتووری باو و مۆدێرندا دەژین. ئەریکسۆن چەمکی "قەیرانی شوناس"ی داهێنا. لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەم قەیرانە دەتوانێت فۆرمی جیاواز وەربگرێت، وەکو :(ململانێی نێوان نەریتخوازی و مۆدێرنیتە، پارێزگاری لە شوناسی کوردی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا کە سیاسەتی توانەوە بەرانبەریان پەیڕەو کردووە . قەیرانی شوناسی نەتەوەیی وەکو:( نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا، هەوڵی دەوڵەتان بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردی).

ئەریکسۆن بایەخی بە پەیوەندی نێوان مێژوو و دەروونناسی داوە. لە پەیوەندی بە کوردەوە، کاریگەری ڕووداوە مێژووییەکان وەك دابەشبوونی کوردستان، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆچی زۆرەملێ، و شۆڕشە جۆراوجۆرەکان لەسەر مەیلی دەروونی و سایکۆلۆژیای گشتی خەڵك لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا شیدەکرێتەوە.

هەستی شوناسی مێژوویی ئەریکسۆن هەستی "ئینتیما" بۆ کورد، ئەم هەستە لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانە نەتەوەییەکان (وەك شێخ مەحموود، قازی محەمەد، مەلا مستەفا بارزانی، شێخ سەعیدی پیران) و هێمای "نەمری"یان دروست کردووە .

ئەریکسۆن چوارچێوەیەکی دەوڵەمەند پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستبوونی شوناسی کوردی، ئاڵنگارییەکانی، و پێکهاتە سایکۆلۆژییەکەی. لە ڕێگەی ئەم تیۆرەوە، دەتوانین باشتر لە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی شوناسی کوردی تێبگەین، کاریگەری مێژوو لەسەر ئەم شوناسە، و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی شوناس لە سەردەمی هاوچەرخدا. هەروەها، تیۆرەکەی ئەریکسۆن ڕوانگەیەکی پڕ هیوا پێشکەش دەکات کە شوناس بەردەوام لە پەرەسەندن و گۆڕاندایە، ئەمەش دەرفەت دەدات بە گەلی کورد شوناسێکی هاوچەرخ و کاریگەر دروست بکەت .

**دەرئەنجام :**

ئەم تیۆرانە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی کورد لەگەڵ پرسی شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمێکدا کە هەم هەوڵی پاراستنی کەلتووری خۆی داوە و هەمیش هەوڵی گونجاندنی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا. و لێردا لە بەر ڕۆشنایی تیورەکان دەگەین بەم دەرئەنجامانە :

1. شوناسی کوردی لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی (social system) فراواندا دروست بووە کە تێیدا ڕۆڵ، نۆرم و بەهاکان بەردەوام لە گۆڕاندان.
2. شوناسی کوردی هەندێك جار دووچاری قەیرانی شوناس (identity crisis) بووەتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرنە و بەرەنگاربوونەوەی کەلتوورە جیاوازەکان.

sjh@univsul.edu.iq

3. مێژووی پەرتەوازەبوونی کوردستان بووەتە هۆی تێکەڵبوونی قەیرانی شوناس و قەیرانی شوێن-(place-identity)
4. دارِشتنی شوناسی تاکەکەسی کورد زۆر جار پەیوەندی بە چەمکی "خۆراگری" و "بەرگری"یەوە هەیە کە دەکرێت وەك مەرحەلەی وەستانەوە بەرامبەر شوێنکەوتن (identity vs. role confusion) لە تیۆرەکەی ئەریکسۆندا شیکار بکرێت.
5. کورد وەك گرووپێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی شوناسیان هەوڵیان داوە جیاوازی ئەرێنی (positive distinctiveness)لەگەڵ گرووپەکانی دیکە دروست بکەن.
6. پارسۆنز پێکهاتە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو کە لە ئاستی کۆمەڵگادا کار دەکەن بۆ پارێزگاری لەوانەش شوناسی کۆمەڵایەتی کورد.
7. جێنگینز بەپێی تیۆری شوناسی کوردی بەرهەمێکی تەواوکراو نییە، بەڵکو بەردەوام لە ڕێگەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە، چیرۆکی نوێ، پەرەسەندنی کەلتووری و ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ دنیای دەرەوە دروست دەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

1- ئەبراش، ئیبراهیم (2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەرگیرانی: دیدارئەبوزێد، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەرێمی کوردستان، عێراق.

2- جەوهەر، یاسین ئاشوری (2019) "قووڵبوونەوەی شوناسی لۆکاڵیەکان و کاریگەری لە سەر بونیادنانەوەی عێراق نوێ"، گۆڤاری زانکۆیی گەرمیان، ژمارە تایبەت کۆنفرانس.

3- حسێن، شۆخان محمود (2024) "تایبەتمەندی کەسایەتی کورد لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا"، گۆڤاری خاڵ، ژمارە 44، وەرزی بەهار.

4- سدیق، فوئاد (2022) "گرفتی شوناسی کورد"، سایەتی خەندان، 1-1-2022 [ئۆنلاین].

5- سیوەیلی، ڕێبوار (2015) دیاردەناسی شوێن وشوناس_خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆشاری سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

6-گوڵمحەمەدی، ئەحمەد(2007 ) بە جیهانیبوون، کولتوو ر، شونا س ، وەرگێرانی: عەولابەهرامی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی-دهۆک

7- مەجید، پەیمان عبدالقادر (2023) "شوناسی کۆمەڵایەتیی لە فیلمی کوردیی دا"، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیجیی، ژمارە (3)، ئازار.

sjh@univsul.edu.iq

8- هەمەوەند، حەیدەر (2019) فەرهەنگی دەروو نزانی، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی سارا بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

1- الحفني، عبد المنعم (1994) موسوعة علم النفس و التحليل النفسي، الطبعة الرابعة، القاهرة: مكتبة مدبولى، مطبعة اطلس، جمهورية مصر العربية.

2- الكاشف، علي بن عمر (2000) النظريات الإجتماعية الإتجاهات والمذاهب الكلاسيكية المعاصرة. [بدون دار الطبعة والنشر].

3- المسعودي، محمد عبد الغنى ومحسن احمد الخضريري (1992) الاسس العلمية لكتابة رسائل ماجستر و الدكتوراه، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

4- النوري، قيس وعبدالمنعم الحسن (1985) النظريات الإجتماعية، بغداد: منشورات وزارة التعليم العالى والبحث العلمي.

5-عبدالرحمن، برهان حافظ (2010) دور التعليم العالي في تعزيز الهوية الفلسطينية وأثره على التنمية السياسية من وجهة نظر الطلبة والعاملين، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

6- غريب، عبدالعزيز بن على (2012) نظريات علم الاجتماع، الرياض: دار الزهراء.

7- قادر، ڕيبوار محمد أمين (2018) "الهوية الاجتماعية وعلاقته بالصحة النفسية لدى طلبة جامعة جرمو"، المجلة العلمية لجامعة جيهان-السليمانية، المجلد (2)، العدد (2)، كانون الاول.

8- هنتكتون، صاموئيل (2005) من نحن - التحديات التي تواجه الهوية الأمريكية، ترجمة: حسام الدين خضور، الطبعة الاولى، دمشق: دار الحصاد.

سەرچاوەی فارسییەکان :

1-اسميت، فيليپ (1382) درآمدى بر نظريه فرهنگی، ترجمه: حسن پويان، تهران: دفتر پژوهش‌هاى فرهنگی.

2-اديبى، حسين (1354) جامعه‌شناسی طبقات اجتماعی، تهران: دانشکده علوم اجتماعی و تعاون.

3-تنهايى، الف (1374) نظريه‌هاى جامعه‌شناسی، تهران: انتشارات قلم.

4-جنكينز، ريچاردين (1381) هويت اجتماعی، ترجمه: تورج ياراحمدى، چاپ دوم، تهران: انتشارات تمدن.

5-روشگ، گ (1371) تغييرات اجتماعی، ترجمه: منصور وثوقی، تهران: نشر نی.

6-عبدالهی، محمد و امید قادرزاده (1388) "هویت جمعی غالب کردها در کشورهای ایران و عراق"، نامه علوم اجتماعی، دوره 17، شماره 36.

7-کرایب، (1378) نظریه اجتماعی مدرن از پارسونز تا هابرماس، ترجمه: عباس مخبر، تهران: آگاه.

**سەرچاوەی ئینگلیزی :**

1- Jenkins, R. (2008) Social Identity, 3rd ed. London and New York: Routledge Taylor & Francis Group.

2- Tajfel, H. (1978a) "Social categorization, social identity, and social comparison". In: Tajfel, H. (Ed.), Differentiation between Social Groups: Studies in the Social Psychology of Intergroup Relations. London: Academic.

3-Tajfel, H. (ed.) (1978) Differentiation Between Social Groups. London: Academic.

4-Weigert, A. J. (1986) "The Social Production of Identity: Metatheoretical Foundations". The Sociological Quarterly, 27(2), pp. 165–183. Available at: http://www.jstor.org/stable/4106207

# Kurdish Social Identity in Light of Theories

*A Theoretical-Analytical Study*


## Abstract

Humans are social beings who live in societies with their own distinctive cultures that influence them. An individual's personality closely resembles the general character of their society, shaped by institutions like family, school, peer groups, and media that help instil human values and set standards. This research is a theoretical-analytical effort to understand Kurdish social identity from the perspective of sociological theories. The main problem addressed is the lack of specialized theoretical research and limited scientific studies in this field. The research encompasses several key objectives: analysing the concept of Kurdish social identity, identifying and examining the influential factors in identity formation, and interpreting this identity according to sociological theories.

The research methodology relies on analysing documents and sociological sources. Through the application of theories of social identity, identity, and ethnicity, the research has reached the following conclusions: Kurdish identity has been formed within a broad social system where roles, norms, and values are constantly changing. It has sometimes faced identity crises, particularly in the modern era when confronting different cultures. The fragmented history of Kurdistan has led to a mixture of identity crisis and place crisis. Kurds, as a national group, have attempted to create positive distinctions with other groups to preserve their identity. Kurdish identity is continuously constructed through daily social experiences, new narratives, cultural developments, and new encounters with the outside world.


**Keywords**: Identity, Social Identity, Theory

sjh@univsul.edu.iq